کۆمه ڵه ی شۆڕشگێڕی زه حمه تکێشانی کوردستانی ئێران

# کۆبوونه وه ی گه وره ی رێزگرتن له  ڕۆژی کۆمه ڵه
# له  سوید

بۆ ڕێزگـرتن لـه ٢٦ی ڕێبەنـدان ڕۆژی کۆمەڵـە، ئێـوارەی ڕۆژی شـەممە ٢١ی مـانگی فیـبرواری، کۆبوونەوەیـەکی بـەرین لـە ستۆکهۆڵـمی پایتـەختی سـوید بـەڕێوە چـوو. کۆبوونەوەکە، کە بـە بانگـەوازی کۆمیتـەی ڕێکخـراوی کۆمەڵـە لـە سـوید و بـە هاوکـاریی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە پێکهـاتبوو، لـە سالـۆنی وەرزشـیی گـەورەی «سۆلـنا هالـن» بـە بەشداریی زیاد لە ١١٠٠ کەس بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا جگـە لـە ژمارەیـەکی زۆری دۆستان و لایەنگرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، نوێنەرانی کۆمەڵێک لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییەکان و هـەروەها ژمارەیەک هەواڵنێر بەشدار بوون.

سەرەتا شەهینی شەهلایی دەنگی ناسراوی ڕادیـۆی کۆمەڵـە بـەخێرهاتنی میوانـەکانی کـرد و ڕێـزی بەرنامـەکانی ڕاگەیانـد. پاشـان دڵـنیا ڕەزازی، ئەنـدامی بەڕێوەبەرایـەتیی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بە زمـانی سـویدی وتەیـەکی لـە بابـەت پێشـینەی خەباتکارانـەی کۆمەڵە پێشکەش کرد. سروودی «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانین» بڵاوکرایەوە و، بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای سۆسیالیزم و ئازادی و هەموو گیانبەختکردوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ئامادەبوان دەقیقەیەک بە بێدەنگی وەستان. هونەرمەندی ناسراو فەریبورزی فەخخاری بە پارچە مۆسیقایەک کۆتـایی بـە بێدەنگییەکـە هێنـا. پاشـان هـاوڕێ ناسری حیسامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵـەوە، وتەیـەکی پێشکەش کرد. هەروەها هاوڕێ بەختیاری ئاشـناگەر وتـەبێژی ڕێکخـراوی لاوانی کۆمەڵـە، وتارێکی بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە پێشکەش کرد.

نوێنەرانی ئەم حیزب و لایەنانە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بـوون و پـەیامی پیرۆزبـایی خۆیانیان ڕاگەیاند:

ـحیزبی ژینگە (سەوزەکان)ی سوێد

ـیەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ـ ڕێکخستنی سوێد

ـپارتی دیمۆکراتی کوردستان ـ لیژنەی ناوچەی سوید

ـحیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی سوید
ـحیزبی شیووعی کوردستان/عیراق ـ کۆمیتەی سوید
ـحیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ کۆمیتەی سوید
ـپارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ـ کۆمیتەی سوید
ـپارتی ژیانی ئازادی کوردستان ـ کۆمیتەی سوید
ـیەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ـ کۆمیتەی سوید
ـفیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید
ـیەکیەتی ژنانی کوردستان لە سوید
ـئەنستیتۆی کورد لە ستۆکهۆڵم
ـکانوونی زیندانیانی سیاسیی ئێران (لە تەبعید)
ـکۆمیتەی بالای ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی باشوور
ـ بەڕێز مەهدی زانا
ـبەڕێز کوردۆ باکسی.

بەشی دووهەمی ئاهەنگەکە، بەرنامەیەکی گۆرانی و مۆسیقا بوو بە بەشداریی هونەرمەندانی بە ناوبانگ ناسری ڕەزازی و مەرزەی فەریقی و، هونەرمەندی لاو چۆپی و بە هاوکاریی هونەرمەندانی بەشی مۆسیقا. کۆڕەکە لە نێو شایی و خۆشی بەشداربووواندا تا نیوەشەو درێژەی پێدرا.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی ڕێکخراوی سوید**

٢٢ی فێبرواری ٢٠٠٤